# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

## ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢/٢٠٢٣

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**کۆلێژ: ئاداب**

**بەش: ڕاگەیاندن**

**قۆناغ: سێیەم**

**بابەت: وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی**

**ناوی مامۆستا: م.ی. بەشدار حسێن محمد/ ماستەر _ قوتابی دکتۆرا لە ڕاگەیاندن**

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | **وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی** |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | بەشدار حسێن محمد |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | ڕاگەیاندن/ ئاداب |
| ٤. پەیوەندی | **ئیمێل:** Bashdar.mohammed@su.edu.krd<br>**ژمارەی مۆبایل:**<br>07504615081 _ 07514701052 |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە کاتژمێر) لە هەفتەیەک | تیۆری: 2<br>پراکتیک: 1 |
| ٦. ژمارەی کارکردن | (3) **کاتژمێر** |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایلی مامۆستا | ١. **ناوی چواری:** بەشدار حسێن محمد علی<br>٢. **تەمەن و شوێنی لەدایک بوون:** ١٩٨٤/٤/١٧ هەولێر<br>٣. **شوێنی دانیشتنی ئیستا:** هەولێر<br>٤. **باری کۆمەڵایەتی:** خێزاندار<br>٥. **نەتەوە:** کورد<br>٦. **زمان:** کوردی و عەرەبی، کەمێک ئینگلیزی<br>٧. **بڕوانامەی زانستی:**<br>• دبلۆم لە ڕاگەیاندن ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ _ ٢٠٠٨<br>• بەکالۆریۆس لەڕاگەیاندن ٢٠١١_٢٠١٢ لقی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.<br>• ماستەر لە ڕاگەیاندن ٢٠١٥_٢٠١٦ بەشی ڕاگەیاندن_کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.<br>ناونیشانی ماستەرنامە (ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای جەماوەر). |

- **قوتابی دکتۆرا لە ڕاگەیاندن**

**٨. ئەزموونی کارکردن لە ڕاگەیاندن:**

- سێ ساڵ و شەش مانگ کارکردن لە کەناڵی ئاسمانی وار(WAAR TV)
- لە ڕادیۆی نەورۆز و ڕادیۆی زانایان، ڕۆژنامە و گۆڤار کارمکردووە
- کارکردن لە دەزگای میدیایی گاڤ نیوز (GAV NEWS)

**٩. کتێب و بڵاوکراوە:** خاوەنی دوو کتێبی بڵاوکراوەم بە ناوەکانی:

- وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی
- کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن
- چەند توێژینەوەیەکی زانستیم ئەنجامداوە، بەشداربوویمە لە ئەنجامدانی دوو ڕاپرسی گەورە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان

| | |
|---|---|
| **٩. وشە سەرەکییەکانی وانەی وێنەگرتن** | وێنە، وێنەگر، کامێرا، زمانی وێنە، ئەرکی وێنە، وێنەی ڕۆژنامەوانی، وێنەی تەلەڤزیۆنی، کاریگەری وێنە، گرتە، فۆکس، ڕووناکی. |

**١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

لەسەردەمی ئێستا میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن خۆیان لە قۆناغێکی کاریگەر و گرنگی پێگەیاندنی مرۆڤ دەبیننەوە، بۆیە بەکارهێنانی وێنە لە بواری میدیایی و ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی پەیامی میدیا، بۆتە پێویستیەکی ڕۆژانەی خەلک. لەم ڕوانگەیەوە قوتابی یاخود دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن زۆر پێویستە شارەزاییەکی تەواوی لەسەر ڕەهەندە جیاجیاکانی وێنەگرتن هەبێت، بۆئەوەی ئەو پەیامەی کە وەک میدیاکار هەڵیدەگرێت بتوانێت ئامانجەکەی خۆی تێدا بەدی بهێنێت و لەداهاتووشدا لە ئەدا و پراکتیزەکردنی کارەکانی لە دەزگایەکی ڕاگەیاندندا ڕەنگ بداتەوە.

لەڕوانگەی ئەم گوتەیەی کە دەڵێت: یەک وێنە یەکسانە بە هەزار وشە، ئێستا وێنە بۆتە زمانێکی جیهانی لە گەیاندنی پەیام، جێگەی بایەخە لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان، بۆیە ئەم ماددەیە جەخت دەکاتەوە لە

فێرکردنی قوتابی بەشێوازی تیۆری و پراکتیکی بۆ زانین و خستنەڕووی جۆرەکانی کامیرا و گۆشەکانی وێنەگرتن و پلانی کامیرامان و بیرۆکەی وێنەگرتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەکانی وێنەگرتن و بایەخی ڕووناکی و سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ڕووناکی و بایەخی ڕەنگ و کوالیتی وێنە، وە پەیڕەوکردنی ئەخلاقیاتی پیشەی کامیرامانی و کاریگەرییەکانی وێنە لەسەر جەماوەر.

وانەی وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی یەکێکە لە وانە گرنگ و بە سودەکان و پێویستییەکی بنچینەییە بۆ کارکردن لە بواری میدیا، چونکە لەڕێگەی ئەم وانەیەوە قوتابیان لەڕووی تێۆریی و پراکتیکییەوە شارەزاییەکی ورد لەو بارەیەوە پەیدا دەکەن. وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی لە ئیستادا گرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەت سەردەمی ئیستا پێویستییەکی گرنگە بۆ گەیاندنی زانیاری و ڕاستییەکان وەک دەگووترێت (یەک وێنە بەهای هەزار وشەی هەیە). لەهەمان کاتدا وێنە لە دامەزراوە و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەکاندا پێویستییەکی گرنگە لە ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر بۆ بابەت و زانیارییەکان. قوتابیان لەم وانەیەدا بە چەمکە سەرەکییەکان و زانیارییە پێویستییەکان لەبارەی وێنەگرتنەوە ئاشنا دەکرێن. ئەم کۆرسە بریتییە لە فێرکردن و ڕاهێنانی قوتابیان بە شێوەیەکی پراکتیکی و زانستی بەبابەتی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی و چۆنیەتی بەکارهێنانی کامێرا.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەردەوام گوڕانکاری بەسەردادێت بەهۆی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا و پەیدابوونی ئامرازی نوێی ڕاگەیاندن، هەروەها ئالۆز بوونی ژیان و بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و ڕوشنبیری تاکەکانی کومەلگە، بۆتە پێویستییەک بۆ ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و وێنەگران ئەگەر لەهەر پێگە و ئەرکێکی میدیا کاربکات دەبێت شارەزایی لە هونەری وێنەگرتن و پرەسیپەکانی کارکردن پەیدا بکات. بۆیە ئامانج لەم کۆرسە ئەوەیە وەک بەشێکی ئەکادیمی بواری ڕاگەیاندن، قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن فێری سەرجەم بنەما و ڕەهەندەکانی وێنەگرتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی کامێرا بکرێن. هەروەها تیشک

خستنە سەر گرنگی وێنەی فۆتۆگرافی و ڤیدیۆیی و شێوازەکانی وێنە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی. ڕوونکردنەوەی کاریگەری گرتە و ڤیدیۆ لەسەر بینەر و خوێنەر و کاری میدیا، بایەخ و گرنگی هونەری وێنەگرتن و دانانی ئەم وێنانە لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و شاشەی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان.

**١٢.ئەرکەکانی قوتابی**

بەوپێیەی ئەم وانەیە پراکتیکییە، بۆیە پێویستە قوتابیان ئەرکەکانی ئەنجام بدات کە پێی دەسپێردرێت وەک ئەنجامدانی گفتوگۆ و راپۆرت و بەشداربوونی لە چالاکییەکان. ئەرک و بەرپرسیارێتی قوتابی پێویستە بەپێی گونجان لەگەڵ ڕێنماییە تەندروستیەکان لەناو هۆڵەکانی وانە گوتنەوەدا ئامادەبێت، لەبەرئەوەی ئامادەنەبوونی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر قوتابی دروست دەکات و دەبێتەهۆی باش تێنەگەیشتنی لە بابەتەکە و دەرەنجام ڕەنگدانەوەی دەبێت لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا.

ئەرکی قوتابیان بریتی دەبێ لە پابەندبوونیان بە وانەکان، کاتی وانە پراکتیکییەکان ئامادەبن لە هۆڵ بەشداری ڕۆژانەیان هەبێت، دواتر ئامادەکردنی پرۆژەی وێنەگرتن و ئەنجامدانی کاری پراکتیکی وەک چالاکی قوتابی لەبارەی بابەتەکە و ئامادەکردنی (ڤیدیۆ و فۆتۆ ستۆری) لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو دواتر لە ناو هۆڵ نمایشکردنی وێنەکان هاوشێوەی سیمینار و گفتوگۆکردن لەبارەی شێوازی وێنەگرتنەکە و دەرخستنی خاڵە ئەرێنی و نەرێنیەکانی.

**١٣. ڕێگەی وانە وتنەوە**

وانەی وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی وانەیەکی پراکتیکییە، لە وانە گوتنەوەدا لەناو هۆڵ و ستۆدیۆ پشت دەبەسترێت بە داتاشۆ و پرۆگرامی پاوەرپۆینت و نووسینی تێبینییەکان لەسەر تەختە سپی بە بەکارهێنانی قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ. هەروەها کارکردن لەسەر کامێرای فۆتۆ و کامیرای ڤیدیۆیی بەشێوەی پراکتیکی.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن،** هەڵسەنگاندنی قوتابیان لەڕێگەی تاقیکردنەوە و ئەنجامدانی چالاکییەکان و بەشداربونیان لەوانەکانەوە دەبێت، نمرەکان بەمشێوەی خوارەوە دابەشدەکرێت:

- تاقیکردنەوەی مانگانە
- چالاکی ڕۆژانە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و بەشداریکردنی ڕۆژانەی قوتابی لە بابەتەکە
- ئامادەبوونی لە هۆڵی وانەگوتنەوە

| تاقیکردنەوە | | ڕاپۆرت و پرۆژە | چالاکی و ئامادە بوون | کۆشش | کۆتایی ساڵ | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تیۆری | پراکتیکی | ٥ | ٥ | ٤٠ | تیۆری | پراکتیکی | ١٠٠ |
| ١٥ | ١٥ | | | | ٤٠ | ٢٠ | |

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

پێویستە قوتابیان لەمیانەی خوێندنی بابەتی وێنەی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی، دواجار کارامەیی و شارەزایەکی باشیان لەلا دروست ببێت لەبارەی شێوە و شێوازەکانی وێنەگرتن، تا بتوانن بەشێوەیەکی کارا و لێهاتوو و پرۆفیشنالانە لە بواری ڕاگەیاندن گرتە و دیمەن و وێنەکان تۆمار بکەن و ڕەچاوکردنی ئاداب و ئاکاری پیشە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بەشێوازێک جیاوازبن لەو وێنەگرانەی کە بەشێوەی ئارەزوومەندانە لە دەزگایەکی میدیایی کاردەکەن، هاوکات بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و زمانی وێنە لەگەیاندنی پەیام و ناوەرۆکی ڕاگەیاندن و چۆنیەتی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بە جەماوەر لەڕێگەی وێنە.

قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن بەهۆی فێربونیان لە لایەنی تیۆری و پراکتیکی وانەی وێنەگرتن، دواجار دەتوانن بەشێوەیەکی پیشەییانە کار لەم بوارەدا بکەن بۆ وێنەگرتنی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی و بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆ و ڤیدیۆ و گرتە و دیمەکان لەگەڵ بابەت ڕۆژنامەوانییەکان بەشێوەیەک کە بگونجێت و پابەند بێت بە ئیتیک و بنەماکانی کاری ڕۆژنامەوانی و دواجار کاریگەری بخەنە سەر بینەر و خوێنەر یاخود وەرگری بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕای گشتی بوروژێنێ، هەروەها وێنەکان لەڕووی پێدانی زانیارییەوە بابەتەکان دەوڵەمەندتر بکەن.

## ١٦. ليستی سەرچاوەكان

### سەرچاوە بەزمانی كوردی


١. ئەیوب ئاژگەیی، كامێرای دیجیتاڵ دەروازەیەک بۆ ناسین و وێنەگرتن، ٢٠١٢

٢. برزۆ ئیسماعیل مەنسوور، پیشەگەری و تەكنیكەكانی بەرهەم لەشاشەی تەلەفزیۆن، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠١٠

٣. برزۆ ئیسماعیل مەنسوور، پیشەگەری و تەكنیكەكانی بەرهەم لەشاشەی تەلەفزیۆن، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٩

٤. بەشدار حسێن، وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنی، مەكتەبەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢١

٥. حەكیم عوسمان، كاركردن لە تەلەڤزیۆندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠

٦. د. ئاریانا ابراهیم، وێنەی ڕۆژنامەوانی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٨

٧. د. دلێر ئەحمەد، لایەنە تیۆرییەكانی نەخشەسازیی ڕۆژنامە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣

٨. زاگرۆس نانەكەلی، میدیای وەرزشیی كوردی، هەولێر، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٥

٩. عامر ئیبراهیم قەندیلچی، و. نەوزاد علی ئەحمەد، ئەرشیفكردنی وێنە لەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، چاپخانەی كارۆ، ٢٠٠٨

١٠. علی عبدالرحمن، و. كاروان محمد، هونەر و كارامەی كاركردن لە رادیۆ و تەلەڤزیۆندا، چاپخانەی موكریانی، هەولێر، ٢٠١٤

١١. فارس سعدی، هونەری فۆتۆگراف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠

١٢. د٠مەغدید سەپان ژانرەكانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠-١٥٠٠، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥

١٣. هەژار حكیم بارزانی، پەیامنێری جەنگ، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ژمارەی سپاردنی (١١٤)ی پێدراوە، چاپی یەكەم، ٢٠١٨

١٤. نەژاد عزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەریی كوردی چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی تەكنیک و هونەرەكانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ١٩٩٩.

## سەرچاوە بەزمانی عەرەبی


١. برنامج التصوير التلفزيوني، المؤسسة العامة للتعليم الفني والتدريب المهني، الرياض، ٢٠٠٧
٢. بسام خالد الطيارة، الاعلام المعاصر، دار البرق، باريس، ٢٠٠٥
٣. سامي الشريف، عصام نصر، الإخراج الإذاعي والتلفزيوني، كلية الإعلام، جامعة القاهرة، ٢٠٠٧
٤. سعيد الغريب النجار، تكنولوجيا الصحافة في عصر التقنية الرقمية، دار المصرية اللبنانية، قاهرة، ٢٠٠٩
٥. فاضل على عباس، الصورة فى وكالات العالمية بين الاستمالة والاقناع، دار اسامة لنشر و التوزيع، عمان، ٢٠١٢
٦. فهد بن عبدالرحمن، التربيه الإعلاميه ، مكتبه ملك الفهد، الرياض، گ١، ٢٠١٠
٧. ماجي الحلواني، عصام نصر، مقدمة في الفنون الإذاعية والسمعبصرية، مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح- كلية الإعلام، ٢٠٠٤
٨. مؤيد حسن فوزي، الكتابة للتلفزيون والإذاعة ووسائل الإعلام الحديثة، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٤
٩. محمد محمود المرسي، إنتاج إذاعي وتلفزيوني قسم الإذاعة، كلية الإعلام، جامعة القاهرة.
١٠. محمود علم الدين، اساسيات الصحافة في القرن الحادى و العشرين، ٢٠٠٩
١١. مجموعة المتحدة للتحريب و التنمية، التصوير الرقمى، ٢٠١١
١٢. هيربيرت زيتل، المرجع في الإنتاج التلفزيوني، ت: سعدون الجنابي، وخالد الصفار، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٣
١٣. عبدالباسط سلمان، التصوير الصحفى ، دار الثقافة للنشر، ط١، القاهرة، ٢٠١٠
١٤. عبدالباسط سند، فن التصوير التليفزيونى، مطبعه مصر، ٢٠٠٩
١٥. عزالدين عطية المصرى، الدراما التلفزيونيه: مقوماتها وظوابگها،٢٠١٠
١٦. على عبدالرحمن، فنون ومهارات العمل فى الإذاعه والتلفزيون، الهئيه المصريه العامه للكتاب،٢٠١٠
a. Basic Photography, Jeff Curto , 2014

**١٧. بابەتەکان:**

| بابەت | هەفتەکان |
|---|---|
| مێژووی وێنەی فۆتۆگرافی لە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان | **هەفتەی یەکەم** |
| وێنەی ڕۆژنامەوانی، تایبەتمەندی وێنە لە بواری ڕاگەیاندن | **هەفتەی دووەم** |
| ئامانج و گرنگی وێنە لە بواری ڕاگەیاندن، کاریگەری وێنە لەسەر بینەر | **هەفتەی سێیەم** |
| سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی وێنە لەبواری ڕاگەیاندن | **هەفتەی چوارەم** |
| جۆرەکانی وێنەی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی لەڕووی ناوەرۆکەوە | **هەفتەی پێنجەم** |
| ئەرکەکانی وێنەی ڕۆژنامەوانی و تەلەڤزیۆنی، ڕەگەزە سەرەکیەکانی وێنە | **هەفتەی شەشەم** |
| گەشتی زانستی بۆ کەناڵێکی ئاسمانی | **هەفتەی حەوتەم** |
| تاقیکردنەوە | **هەفتەی هەشتەم** |
| ڕۆڵ و بایەخی ڕووناکی بۆ وێنە، ئاراستەکانی بەکارهێنانی ڕووناکی بۆ وێنەگرتن | **هەفتەی نۆیەم** |
| گرتەی وێنەی ڤیدیۆیی – اللقطة (SHOT)<br>جۆرەکانی گرتە بەپێی قەبارە | **هەفتەی دەیەم** |
| گۆشەکانی کامیرا (Camera Angles) | **هەفتەی یانزەهەم** |
| جولەی کامیرا بۆ وێنەگرتنی ڤیدیۆیی (movement of camera) | **هەفتەی دوانزەهەم** |

**١٨. بابەتی پراکتیک:**

هەموو ئەو چەمک و بابەتانەی کە بەشێویەکی تیۆری دەخوێندرێن، ڕێنیشاندەر دەبن و دەبنە بنەمایەک بۆ فێربوونی وانە پراکتیییەکان، بۆ نموونە: بەشە سەرەکیەکانی کامیرا، ڕێکخستنی ڕەنگ و ڕووناکی، ڕێکخستنی دەنگ، هەڵبژاردنی باکگراوندی گونجاو بۆ وێنەگرتن، چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن و دەستکردن بە ڕووماڵکردنی ڕووداو و چالاکییەکان.

شێوازی گرتنی کامێرا چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ کامیرا، بەکارهێنانی جولەی کامیرا و ستاند، هەڵبژاردنی گۆشەی وێنە گرتن ...هتد. هەروەها نمایشکردنی ڤیدیۆی پەیوەست بەوانەکە، نیشاندانی وێنە و ڤیدیۆی بابەتەکانی ڕۆژ و گفتوگۆکردنیان.

**١٩. تاقیکردنەوەکان: چەند پرسیارێک سەبارەت بە بابەتەکە بۆ تاقیکردنەوەکان**

- ڕاست وچەوت:

ڕۆژنەی دایفرام پلەبەندکراوە بە ژمارەی ١،٤_ ٢_ ٢،٨..... ئەمە بەم واتایە دێت کە ئەو بڕە ڕووناکییەی لەهەر ژمارەیەک تێپەردەبێت دوو ئەوەندەی ڕووناکی تێپەربووە لە ژمارەی ڕۆژنەی دواتر.

- لەرۆژی سامالّدا پێویستە گرنگی بە چی بدرێ بۆ گرتنی وێنەیەکی دروست؟

گۆشەی وێنەگرتن ( )، خێرایی شەتەر ( )، ڕۆژنەی دایفرام ( )

- ئەم چەمکانە پێناسە بکە: أ. فۆکس ب. داخەر ج.گرتە
- ئەو بنەما سەرەکیانە چین کە پێویستە وێنەگر بۆ وێنەگرتن بیزانێت؟
- تایبەتمەندییەکانی وێنەی هەواڵی چیە؟ باسیان بکە.
- بە خاڵ جیاوازی بکە لە نێوان کامیرای ستۆدیۆ و کامیرای هەڵگر.
- دەستنیشانکردنی باکگراوندی وێنە هەنگاوێکی گرنگە، ئەو خاڵانە چین کە پێویستە کامیرامان لە کاتی دەستنیشانکردنی باکگراوند ڕەچاویان بکات؟
- ڕەوشتی وێنەگر چی دەگرێتەوە، بۆچی گرنگە؟
- بە تێروتەسەلی سەرچاوەکانی ڕووناکی بۆ وێنە بخەڕوو.

**٢٠. تێبینی دیکە:**